# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٨٤)ساڵی بیست و دووەم | ٧ تەمموز ٢٠٢٢ ز. | ١٦ پووشپەڕ ٢٧٢٢ی کوردی | ٨ ذوالحجة ١٤٤٣ کۆچی

284



**یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢** ل ١

یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمانی کوردستان** ل ١٠

**بڕیاری ژمارە (١٦٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ١١

**ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** ل ١٢

ڕێنمایی وەسفی پیشەیی بۆ پسپۆری پزیشکی فریاکەوتن

**فەرمانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمانی کوردستان** ل ١٤

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجومەنی دادوەری** ل ١٤

پێکهێنانی دادگای تاوانەکانی (هەولێر/٤)

**بڕیاری گومرگی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٥

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٥

هێنانە کایەی قەزای (حاجی ئاوا)

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٦

هێنانە کایەی ناحیەی (خانکێ)

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٦

هەمواری یەکەمی بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بەسزای بەسەرچوونی مۆڵەتی شۆفێری

**بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٧

تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی کێشەدار لە رووی مەرجی سەلامەتی

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی داد** ل ١٨

**بەیانی ژمارە (١٦ - ١٧- ١٨ - ١٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** ل ١٨



ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٨٤) السنة الثاني والعشرون ٧ تموز ٢٠٢٢م. ١٦ پووشپەڕ ٢٧٢٢ک. ٨ ذوالحجة ١٤٤٣ هـ.

**284**

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



**قانون رقم (٤) لسنة ٢٠٢٢** ص ١٩

قانون إدارة وحماية الماء في إقليم كوردستان – العراق

**قرار رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ برلمان كوردستان** ص ٢٧

**أمر رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ برلمان كوردستان** ص ٢٨


فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


**قرار رقم (١٦٢) لسنة ٢٠٢٢ رئاسة مجلس الوزراء** ص ١١

**تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة** ص ١٢

**قرار لسنة ٢٠٢٢ مجلس القضاء** ص ١٤

**قرار گمرگی رقم (٤) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية و الاقتصاد** ص ١٥

**بيان رقم (١١ – ١٤ – ١٥ – ١٦ ) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية** ص ١٥

**بيان رقم (١١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العدل** ص ١٨

**بيان رقم (١٦ – ١٧ – ١٨ – ١٩) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة** ص ١٨



No: 284 Date: July 7, 2022 Vol: 22



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**کۆماری عێراق**

**هەرێمی کوردستان**

**سەرۆک**

**بڕیار**

**ژمـاره (١٠)ی سـاڵی ٢٠٢٢**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠٢٢/٦/٢ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژماره (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسە و ئامانجەکان**

**ماددەی (١):**

بۆ مەبەستی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە، ئەم زاراوە و دەسـتەواژانەی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبەریـان دەگەیەنن:-

**یەکەم**: **هەرێم**: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم**: **ئەنجومەنی وەزیران**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم**: **ئەنجومەن**: ئەنجومەنی ئاو لە هەرێم.

**چوارەم**: **وەزارەت**: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

**پێنجەم**: **وەزیر**: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

**شەشەم**: **سندوق**: سندوقی پاراستن و بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

**حەوتەم**: **ئاوی ژێر زەوی**: ئەو ئاوەی کە لە ژێر ڕووی زەویدا هەیە، قووڵاییەکەی هەرچەند بێت.

**هەشـتەم**: **ئـاوی سـەر زەوی**: ئـاوی زێ، ڕووبـار، کانیـاو، کـارێز، ئـاوی ڕۆیشـتوو، کۆگـا سروشـتی و دەستکردەکان و ئاوی چارەسەرکراویش، دەگرێتەوە .

**نۆیەم**: **سەرچاوەکانی ئاو**: ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی بە هەموو سەرچاوەکانییەوە، و ئاوی قورس و ئاوەڕۆکانیش دوای چارەسەرکردنیان، دەگرێتەوە.

**دەیەم**: **پاراسـتنی سـەرچاوەکانی ئـاو**: پرۆسـەیەکی گشـتی تەکنیکـی و یاسـاییە، کە دەبێـتە هـۆی بەرزکردنەوەی توانستی بەردەوامی ئـاو، بەردەوام بەردەسـتبوونی، و ڕێگـرتن لە کەمبـوونەوە و بەفیرۆدان و پیسبوونی.

**یازدەیەم**: **بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو**: پرۆسەیەکی ڕێکخراوە کە دەبێتە هۆی بەردەوامی و باش بەکاربردنی سەرچاوەکانی ئاو لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی، بۆ هەموو بەکاربەرانی.

**دوازدەیەم**: **بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو**: پرۆسەیەکی ڕێکخراوە کە دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی دروستی سەرچاوەکانی ئاو.

**سێزدەیەم**: **کۆگاکردنی ئاو**: کۆکردنەوەی ئاوی بەفر و بارانە.

**چواردەیەم**: **ڕێڕەوی ئاوی**: ڕێچکەی سروشتی یان دەستکردە، کە تەوژمی ئاویی بەشێوەیەکی هەمیشەیی یان کاتی، پێیدا تێپەڕدەبێت.

**پازدەیەم**: **پاشماوە**: هەر ماددەیەکی ڕەق، شل، گاز، کیمیایی، میکرۆب، ڤایرۆسی، تیشکدار یان گەرمکراوە، کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاو .

**شازدەیەم**: **ئاوی قورس**: ئاوی بەکارهاتووە لە یەکەکانی نیشتەجێبوون، پرۆژە پیشەسازیی، یان تەندروستییەکان، شوێنە خزمەتگوزارییەکان و هەر بوارێکی دیکە، و پاشماوەی تێدا نیشتووە یان تواوەتەوە.

**حەڤدەیەم**: **پیسبوونی ئاو**: هەر پرۆسەیەکە کە ببێتە هۆی گۆڕینی خەسڵەت و پێکهاتە بنەڕەتیەکانی ئاو، بە جۆرێک زیان بە ژیانی مرۆڤ و زیندەوەران و ژینگە بگەیێنێت.

**هەژدەیەم**: **ئاوی چارەسەرکراو**: ئەو ئاوەیە کە پاککراوەتەوە لە هەموو جۆرە پاشماوەیەک.

**نۆزدەیەم**: **سوودمەند**: ئەو لایەن و کەسانە دەگرێتەوە کە مافی بەکاربردنی ئاویان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، هەیە .

**بیستەم**: **بەفیڕۆدانی ئاو**: زیاد بەکاربردن یان خراپ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاوە، بە ئەنقەست بێت یان لە ئەنجامی کەمتەرخەمی.

**بیست و یەک**: **هاوسەنگی ساڵانەی ئاو**: دەرهێنان و بەکاربردنی ئاو، بەبڕێک کە یەکسان یان کەمتر بێت لە ئاوی بە دەستهاتوو لە هەمان ساڵدا.

**ماددەی (٢):**

**ئامانج لەم یاسایە بریتییە لە:-**

**یەکەم**: بەڕێوەبردن و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، بۆ گەیشتن بە باشترین شێوازی بەکاربردن.

**دووەم**: بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو، و دیاریکردنی بڕ و جۆری بەکاربردنی، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو و پاراستنی مافی نەوەکانی داهاتوو.

**سێیەم**: ڕەچاوکردن و چەسپاندنی مافی هەرێم لە ئاوە هاوبەشەکانی لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی و وڵاتانی دراوسێ، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم لە دابینکردنی ئاو، بەشێوەیەک کە لەگەڵ یاسا و پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت.

**چوارەم**: بەردەوامی هەماهەنگی، پەیوەندی و گۆڕینەوەی زانیارییەکان، بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی دادپەروەرانە بە ئاڕاستەی دابەشکردنی بڕ و جۆری ئاوی ڕۆیشتوو و هاتوو بۆ هەرێم.

**پێنجەم**: چارەسەرکردنی سەرچاوە ئاوییە پیسبووەکان و گرنگیدان بە پاراستنی ژینگە.

## بەشی دووەم

## بنەما گشتییەکان

**ماددەی (٣):**

ئاو سامانێکی نیشتیمانییە، سەرچاوەکانی بە موڵکی گشتی دادەنرێت، بە مۆڵەت و بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، سوودیان لێوەردەگیرێت.

**ماددەی (٤):**

حکومەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی بەشدار دەبێت لە:-

**یەکەم**: داڕشتنی سیاسەتی ئاو.

**دووەم**: داڕشتنی سیاسەتی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، بەپێی پەیماننامە و نەریتە نێودەوڵەتییەکان.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم**: بەکاربردنی ئاو لە ڕووی لە پێشینەییەوە بەم شێوەیە دەبێت:-

١- خواردنەوە و بەکاربردنی بۆ پێویستی خزمەتگوزاریی.

٢- ئاژەڵداری و سامانی ماسی.

٣- مەبەستەکانی ئاودێریی و کشتوکاڵ.

٤- پێداویستیەکانی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی کارەبا.

٥- مەبەستەکانی ژینگەیی و کەرتی گەشتوگوزاریی.

٦- مەبەستەکانی وەبەرهێنان.

**دووەم**: گوڕینی جۆری بەکاربردنی ئاو لەسەر بنەمای مۆڵەتی ڕێپێدانی نوێ دەبێت.

## بەشی سێیەم

## بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو

**ماددەی (٦):**

**وەزارەت پێویستە ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدات:-**

**یەکەم**: ئامادەکردنی پلانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و پرۆژەکانی، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تری پەیوەندیدار، بە مەبەستی بەکاربردنی لەلایەن کەرتە سوودمەندەکانەوە.

**دووەم**: بەرزکردنەوەی تواناکان و گەشەپێدانی پیشەیی لە بواری بەڕێوەبەردنی سەرچاوەکانی ئاو.

**سێیەم**: دانانی پلانی بووژاندنەوە و بەڕێوەبردنی ئاو، بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و بەشداریپێکردنی دانیشتووان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کەرتی تایبەت لە پرۆسەکەدا.

**چوارەم**: هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، ڕێکخراوی ناحکومی و ڕاگەیاندنەکان، بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی دەربارەی گرنگی زیندەگی سەرچاوەکانی ئاو و بایەخ پێدانی لە قۆناغەکانی خوێندندا.

**ماددەی (٧)**

**یەکەم**: ئەنجومەنێک لە وەزارەت، بەناوی (**ئەنجومەنی ئاو لەهەرێم**) بە سەرۆکایەتی وەزیر و بە ئەندامیەتی هەر یەک لەمانەی خوارەوە، پێکدێت:-

١- بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری سەرچاوەکانی ئاو.

٢- سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم.

٣- بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

٤- بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەت.

٥- بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لە وەزارەت.

٦- بەڕێوەبەری گشتی توێژینەوە لە وەزارەت.

بەڕێوەبەری گشتی باخداری و پاوان و دارستان لە وەزارەت.

**دووەم:** نوێنەری ئەو لایەنانەی خوارەوە بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن دەکەن، بە مەرجێک پلەی وەزیفییان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت:-

١- وەزارەتی پلاندانانی هەرێم.

٢- وەزارەتی کارەبای هەرێم.

٣- وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.

٤- وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

**سێیەم**: فەرمانبەرێک لە وەزارەت وەک سکرتێری ئەنجومەن لەلایەن وەزیرەوە دیاریدەکرێت، بە مەرجێک لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت.

**چوارەم**: ئەنجومەن دەتوانێت، بەپێی پێویست، میوانداری پسپۆڕان، بۆ وەرگرتنی ڕا و بۆچوونیان بکات.

**پێنجەم**: ئەنجومەن سێ مانگ جارێک یان هەر کات پێویست بێت لەسەر داوای سەرۆک کۆدەبێتەوە.

**شەشەم** ڕاسپاردە و پێشنیازە پێویستیەکان لەلایەن وەزیرەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزدەکرێتەوە.

**ماددەی (٨):**

**ئەرکەکانی ئەنجومەن:-**

**یەکەم:** دانانی سیاسەتی ناوخۆیی ئاو لە هەرێم.

**دووەم:** پەسەندکردنی پلانی بەکارهێنانی ئاو لەلایەن گشت کەرتەکانەوە.

**سێیەم:** بڕیاردان لەسەر پڕۆژەی سەرچاوەکانی ئاو و بەکاربردنی.

**چوارەم:** بڕیاردان لەسەر پلانی وەبەرهێنان لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و پاراستنی.

**پێنجەم:** بڕیاردان لەسەر ستراتیژیەتی نیشتیمانی تایبەت بە کەش و هەوا و بەرزەفتکردنی کاریگەریەکانی لەسەر پاراستن و بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو.

**شەشەم:** بڕیاردان لە پلانی دابەشکردنی ئاو لە نێوان کەرتە جیاجیاکان و بەکاربردنە سەرەکییەکانی ئاو.

**حەوتەم:** کارکردن بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی بەنداوی گەورە و مامناوەندی و پڕۆژە هەمەجۆرەکانی ئاو.

**هەشتەم:** دانانی پلانی بەکارهێنانی سیستەمی ئاودێری نوێ بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی، بە مەرجێک گونجاوبێت لەگەڵ سوودی ئابووری و پشکی ئەو ئاوەی بۆ پڕۆژە کشتوکاڵییەکە تەرخانکراوە.

**نۆیەم:** داڕشتنی پلانی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ووشکە ساڵی و لافاو و پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**بەشی چوارەم**

**پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو**

**ماددەی (٩):**

**ئەم کارانەی خوارەوە ڕێگەپێنەدراون:-**

**یەکەم:** فڕێدانی پاشماوەی ناوچەکانی نیشتەجێبوون، پرۆژە پیشەسازی، کشتوکاڵی و بازرگانییەکان، تەقەمەنی، پاشماوەی تەندروستی یان هەر بوارێکی تر بۆ ناو سەرچاوەکانی ئاو، تەنها لەو بارەدا نەبێت کە چارەسەری زانستی پێویستی بۆ کرابێت.

**دووەم:** ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ڕێڕەوەی سەرچاوەکانی ئاو، بەجۆرێک ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بڕی ئاو یان پیسبوونی ئاو یان ڕودانی لافاو.

**سێیەم:** بیرهەڵکەندن یان بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی بەبێ مۆڵەتی وەزارەت.

**چوارەم:** هەر چالاکییەک بۆ کۆگاکردنی یان کەمکردنەوەی سەرچاوەکانی ئاو بەبێ مۆڵەتی پێشوەخت.

**پێنجەم**: داپۆشینی پاشماوەی بە هەر ڕێگەیەک کە دەرئەنجام کاریگەری لەسەر جۆر و توانستی سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی یان ژێرزەوی یان ژینگە دروست بکات.

**شەشەم**: بەکارهێنانی قڕکەر بۆ قەڵاچۆکردنی پەتا کشتوکاڵییەکان یان پەیینی کیمیایی، کە ببێتە هۆی پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو.

**حەوتەم**: دامەزراندنی هەر پرۆژەیەک یان کارگەیەک یان خانوویەکی نیشتەجێبوون لەسەر کەناری ڕووبار و لقەکانیان، دەریاچە، کۆگاکانی ئاو، و زەوییەکانی دەوروپشتیان لە سنووری دیاریکراو، بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی وەزارەت، جگە لە پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

**هەشتەم**: بەکارهێنانی ماددەی ژەهراوی یان کارەبا یان قڕکەر یان تەقەمەنی بۆ ڕاوی ماسی و گیاندارە ئاوییەکانی دیکە، بەجۆرێک کە ببێتەهۆی پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەکان.

**نۆیەم**: فڕێدانی پاشماوەی نەوتی، لە سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەویدا، یان لە ناو ڕێڕەوی ئاوی باران و کانیاو و کارێز و دەریاچە و گۆماوەکاندا یان لە ناو ئاوی ژێرزەوی و ناوچەکانی بووژاندنەوەدا.

**دەیەم**: فڕێدانی لاشەی ئاژەڵ و پەلەوەر بۆ ناو ڕێڕەوی ئاو یان ناوچەکانی بووژانەوەی ئاوی ژێرزەوی.

**یازدەیەم**: هەر چالاکییەک کە ببێتەهۆی پیسبوونی ئاو، یان کەنار و ڕۆخی ڕیڕەوەکانی ئاوی سروشتی، یان کاریگەری نەرێنی لەسەر بڕو و جۆری ئاوەکە دروست بکات.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم**: وەزارەت، سیستەمی چاودێری، لەسەر بڕ و جۆری ئاو، لە سەرچاوەکانی ئاوی سروشتی دادەنێت، بۆ مسۆگەرکردنی پاراستن، زیادکردنی توانست و ڕێگرتن لە پیسبوون.

**دووەم**: وەزارەت پابەندە بە دانانی تۆمارێکی تایبەت بەو بیرانەی کە بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە بە مۆڵەت یان بێ مۆڵەت هەڵکەندراون، و ڕێکاری پێویست بۆ گونجاندنیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دەگرێتەبەر.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم**: پێویستە بەکاربردنی ئاو لە هەرێم بەپێی ستاندارد و کواڵیتی جیهانی بێت.

**دووەم**: چارەسەرکردنی سەرچاوەی ئاوە پیسبووەکان و ئاوەڕۆکان بە دانانی وێستگەی چارەسەریی گونجاوی سەردەمیانە دەبێت.

**سێیەم**: هەر پرۆژەیەک کە پاشماوەی لێ پەیدا ببێت، تا ئەو کاتەی ڕێنمایی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان جێبەجێ نەکات، ڕێگە بە دامەزراندنی نادرێت.

**چوارەم**: ڕێگە بە دامەزراندنی هیچ پرۆژەیەک نادرێت، ئەگەر یەکەی چارەسەرکردنی پاشماوەی نەبێت.

**پێنجەم**: ئەو پرۆژانەی بوونی یاساییان هەیە و پاشماوەیان دەڕژێتە نێو سەرچاوەکانی ئاو، ماوەی (٦) شەش مانگیان لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە پێدەدرێت، بۆ دامەزراندنی یەکەی چارەسەرکردنی پاشماوە، بە پێچەوانەوە، مۆڵەتی کارکردنیان لێدەسەندرێتەوە.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم**: وەزارەت پلانــی ســاڵانە و مامناوەنــدی و درێژخــایەنی کەرت و بــوارە جۆراوجۆرەکــان لە بەکـاربردنی ئـاودا پەسـەند دەکـات، بـۆ هێنـانەدی هاوسـەنگی سـاڵانەی ئـاو و دادپەروەریـی لە دابەشکردنیدا.

**دووەم**: وەزارەت پلان بۆ ڕێگرتن لە ڕۆچوونی زەوی، سێڵاو، لافـاو، چـاکردنی ڕێـڕەوی شـیو و کەنـاڵە گشــتییەکان و کەنــاری ڕووبارەکــان، و چــاودێری هــاتنی ســێڵاو و لافــاو و بەکارهێنــانی ئاوی پرۆژەکانی ئاودێری دادەنێت، بەجۆرێک گەرەنتی پاراستنی ئاو لە بەفیـرۆدان و پیسـبوون، بکات.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم** سندوقێک بەناوی (**سندوقی پاراستن و بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێـم**)، بەپێـی حوکمەکانی ئەم یاسایە، دادەمەزرێت.

**دووەم**: سـندوق ئەنجـومەنێکی کـارگێری بـۆ بەڕێـوەبردنی کارەکـانی دەبێـت، و بە پەیڕەوێـک لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، پێکدەهێنرێت.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم**: داهاتی سندوق لەم سەرچاوانەی خوارەوە پێکدێت:-

١- گوژمەی تەرخانکراو لە بودجەی ساڵانەی هەرێم.

٢- هەر کۆمەک و یارمەتیەک، کە بەپێی یاسا پێشکەش بە سندوق دەکرێت.

**دووەم**: داهـاتی سـندوق بـۆ مەبەسـتی پاراسـتن و بووژانـدنەوەی سـەرچاوەکانی ئـاو و ڕێگەگـرتن لە پیسبوونی، بەکاردێت.

**سێیەم**: شـێوازی خەرجکردنـی داهـاتی سـندوق بە پەیڕەوێـك ڕێکـدەخرێت کە لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیرانەوە، دەردەچێت

**ماددەی (١٥):**

دەزگای ئاسایش و پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە، ئەرکی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە ئەستۆ دەگرن.

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم:**

١- گشــت پرۆژەکــانی بەکــاربردنی ســەرچاوەکانی ئــاو، بەپێــی یاســا بەرکارەکــانی هەرێــم، دوای لارینەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەلایەن وەزارەتەوە ڕێپێدانیان بۆ دەکرێت.

٢- گشــت پرۆژەکــانی وەبەرهێنــان، بەپێــی یاســا بەرکارەکــانی هەرێــم، دوای لارینەبــوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەلایەن وەزارەتەوە ڕێپێدانی بەکاربردنیان بۆ دەکرێت.

**دووەم**: پێویستە لەسەر سوودمەندانی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، کە بێ مۆڵەتن، لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گەشتوگوزار، داواکاریی مافی سوودمەندبوون لە ئاو پێشکەش بکەن، و لە ماوەی (٦) شەش مانگ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، مۆڵەت لە وەزارەت وەربگرن، بەپێچەوانەوە، سوودمەند بە سەرپێچیکار لە حوکمەکانی ئەم یاسایە هەژمار دەکرێت.

**سێیەم**: هەر زێدەڕۆییەک لەلایەن سوودمەندی ئاو، زیاد لەو بڕە ئاوەی ڕێپێدراوە، بە سەرپێچی هەژمار دەکرێت، و سەرپێچیکار بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە سزا دەدرێت.

**چوارەم**: وەزارەت دەتوانێت پێداچوونەوە بە مۆڵەتەکان و بە بڕی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی مۆڵەتپێدراودا، لەبەر ڕۆشنایی پرۆسەی بووژاندنەوەی سەرچاوەکانی ئاودا، بکات.

**ماددەی (١٧):**

وەزیر دەتوانێت، بیرهەڵکەندن یان بەکارهێنانی بیر، لە هەندێک ناوچە قەدەغە بکات، بەپێی ڕاپۆرتی ئەنجومەن، بە مەرجێک مەترسی دابەزینی بڕ و ئاست و جۆری ئاوی ژێرزەوی هەبێت، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و یاسا بەرکارەکانی هەرێم، قەرەبووی خاوەن بیر دەکرێتەوە بەو زیانەی کە لە ئەنجامی ئەو بڕیارە پێیدەکەوێت.

**ماددەی (١٨):**

پێویستە وەزارەت، ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە، بۆ ڕێکخستنی ناوچەی باراناوی، کە دەبێتە هۆی ڕوودانی سێڵاو و لافاو لەو ناوچەیەی پێیدا دەڕوات، بگرێتە بەر:-

**یەکەم**: پاراستنی خاک و بەرگی ڕووەکی بە ڕێگای گونجاو، و چاندنی ئەو ڕووەکانەی خۆڵ جێگیر دەکەن، بۆ پاراستنی ناوچەکە لە داماڵین و ڕۆچوون.

**دووەم**: ڕێکخستن و نۆژەنکردنەوە لە ڕێڕەوی شیوەکان و دروستکردنی پرۆژەی پێویست بۆ پاراستنی خاک.

**سێیەم**: قەدەغەکردنی فراوانکاری لە پەیداکردنی زەوی کشتوکاڵی یان دامەزراندنی پرۆژەی شارستانی یان پیشەسازی لەسەر ڕێڕەوی شیوەکان، کەنار ڕووبارەکان، بەنداو و کۆگاکانی ئاو، ئەگەر کاریگەری نەرێنی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو هەبوو.

## بەشی پێنجەم
## حوکمە سزاییەکان

**ماددەی (١٩):**

هەر کەسێک، سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە، جگە لە حوکمی ماددەی (٩)ی ئەم یاسایە بکات، بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە (٣) سێ مانگ زیاتر نەبێت یان بە پێبژاردنێک کە لە (٧,٠٠٠,٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە هەردووکیان، سزادەدرێت.

**ماددەی (٢٠):**

**یەکەم**: هەر کەسێک، سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (٩)ی ئەم یاسایە بکات، بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە (٦) شەش مانگ کەمتر نەبێت و بە پێبژاردنێك کە لە (٧,٠٠٠,٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار کەمتر نەبیت و لە ( ١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت، و لابردنی سەرپێچیەکە و گەڕاندنەوەی ماددە یان پاشماوەکان بۆ شوێنی پێشوویان یان لەناوبردنیان لە ئەستوی سەرپێچیکار دەبێت.

**دووەم**: لە حاڵەتی دووبارەکردنی ئەو سەرپێچییەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە (١) یەک ساڵ کەمتر نەبێت و بە پێبژاردنێک کە لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار کەمتر نەبیت و لە (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پازدە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت، و لابردنی سەرپێچیەکە لە ئەستۆی سەرپێچیکار دەبێت.

**سێیەم**: سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا، ڕێگرنابن لە سەپاندنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسا بەرکارەکاندا هاتبێت.

**بەشی شەشەم**

**حوکمە کۆتاییەکان**

**ماددەی (٢١):**

وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (٢٢):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٢٣):**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٢٤):**

ئەم یاسایە لە دوای تێپەڕبوونی (٦٠) شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لە پێناو دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە هەرێم، و لەبەر گرنگی ئاو لە ژیانی مرۆڤ و کاریگەری لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی وەکو سامانێکی نیشتیمانی و بۆ ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی، و دەستەبەری بەردەوامبوونی سەرچاوەکانی ئاو، و دابەشکردنی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بووژاندنەوە و پاراستنی، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان . عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٢/٦/٢٢**

**بڕیاری**
**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە حوکمی بڕگەی (دووەم ، چوارەم ، پێنجەم )ی ماددەی (٢٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان –عێراق،پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٢ بەسترا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم:** قبووڵکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان - عێراق کە ناویان هاتووە ، لەم لیژنانەی خوارەوە:

١- (کاروان عبدالرحمن عبدالله ) لە ئەندامیەتی لیژنەی (پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی).

٢- (سەروان محمد علی ) لە ئەندامیەتی لیژنەی (کاروباری پەرلەمان و سکاڵا).

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ٢٠٢٢/٦/٢٢ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
**ژمارە ٩٧٣٨ لە ٢٠٢٢/٧/٣**

**بڕیاری ژمارە (١٦٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پشبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٨٥) لە ٢٠٢٢/٦/٢٢ ، و دوا بەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٥) لە ٢٠٢٢/٤/١٣ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە :

**یەکەم:** هەڵپەساردنی کارکردن بەمەرجی مۆڵەتی هاوردەکردن (اجازة الاستیراد) بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵ تاکو ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٧ بە ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە :

١- جێبەجێکردنی سەرجەم مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هاوردەکردنی ئاژەڵ تایبەت بە ڕێکارە ڤێتەرنەرییەکان و مەرجی پشکنین و کەرەنتینەکردن لە دەروازە سنورییەکان و کەرەنتینەی فرۆکەخانەکانی نێودەوڵەتی (هەولێر و سلێمانی) .

٢- لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو میکانیزم و پلانی هاوردەکردن ڕێکدەخرێت (بە بێ دیاریکردنی ڕەسیدی کۆمپانیاکان ) بە لەبەرچاوگرتنی بەرهەمی ناوخۆی خاوەن ئاژەڵ و پێداویستیی بازاڕ و پاراستنی سامانی ئاژەڵ لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و نەبوونی کاریگەریی نەرێنی لەسەر سامانی ئاژەڵی ناوخۆیی .

٣- ڕەچاوکردنی دۆخی کەمی لەوەڕگاکان و کەمی ئالیك و ماددە عەلەفییەکان و نرخەکانیان کە بارگرانی دروست دەکات بۆ سەر خاوەن ئاژەڵی ناوخۆ .

٤- هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو بەپێی ئەم بڕیارە بۆ دابینکردنی گۆشتی سوور لە بازاڕەکانی هەرێمدا.

**دووەم:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پێداچوونەوەی پێویست دەکات بە دەرئەنجامەکانی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە دوای ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٧ ، واتە دوای تەواوکردنی ماوەی جێبەجێکردنی بڕیاری (١٤٥)ی تایبەت بە هاوردەکردنی ئاژەڵ لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی لەو ماوەیەدا و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت و پێشنیاری پێویست بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن وەزارەتەوە .

**سێیەم:** وەزارەت و لایەنەپەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٩١٠٨ لە ٢٠٢٢/٦/٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (حەوتەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی وەسفی پیشەیی بۆ پسپۆری پزیشکی فریاکەوتن**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

- **ناونیشانی پیشەیی :** پزیشکی فریاکەوتن
- **شوێنی کار :**دەزگا تەندروستیەکان
- **پەیوەندی کارگێری :**پەیوەندی هەیە لەگەڵ بەرپرسی یەکە تەندروستیەکان
- **پێناسەی کار:** کاری پزیشکی فریاکەوتن پەیوەستە بە زانیاری و کارامەیی (Skill) پێویست لە (پێشگرتن، دەستنیشان کردن ، چارەسەرکردن)ی هەموو لایەنە کتو پڕ و لە ناکاوەکانی (هەر جۆرە نەخۆشی و زەبری دەرەکی) لە هەموو تەمەنەکان لەگەڵ کۆمەڵێک لە تەنگەژەی جەستەیی و هەڵسوکەوتی نادیار کە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر نەخۆش ، هەموو چەمکی بەرەوپێشچوونی سیستەمەکانی فریاکەوتن دەگرێتەوە لە نەخۆشخانەکان وە لەدەرەوەی نەخۆشخانەکانیش ، وە زانیاری و کارامەییە پێویستەکان بۆ ئەم بەرەوپێش چوونە .

**ماددەی (٢): ئەرکەکان :**

١- دابینکردنی چارەسەری پێویست و دەستبەجێ بۆ هەر حاڵەتێکی لە ناکاو لە هەر بارودۆخێکی فریاکەتن دابێت .

٢- دەستنیشانکردنی سەرەتایی حاڵەتی نەخۆشیەکە ( provisional diagnoses and differential diagnoses) لەگەڵ جیاکردنەوەی ئەو حاڵەتانەی کە مەترسی گیان لەدەستدانی لێدەکرێت .

٣- بەرێوەبردنی ئەو بارودۆخە لە ناکاوانەی کە پێویست دەکات زۆر بە خێرایی بڕیار لە چارەسەرکردنی حاڵەتەکان بدرێت لە ماوەیەکی زۆر کەم بۆ پاراستنی ژیانی کەسەکان.

٤- چارەسەرکردنی نەخۆش لەهەر تەمەنێک دابن و ئەوانەی توشی حاڵەتی لەناکاو و کتوپر دەبن(acute and urgent illness and injury) وە ئەو کەسانەی کە دەناڵێنن بەدەست کۆمەڵێک نیشانە و تەنگەژەی جەستەیی و هەڵسوکەوتی ناجێگیر.

٥- پسپۆری پزیشکی فریاکەوتن سەرپەرشتی تیمی چارەسەری نەخۆش دەکات لە بەشی پێشوازی فریاکەوتن ، بە تایبەت لە کاتی بوونی برینداری بە کۆمەڵ.

٦- دەتوانن سەرجەم خولەکانی فریاکەوتن لە ئاستی سەرەتایی و پێشکەوتوو بۆ سەرجەم چین وتوێژەکان بلێنەوە.

٧- راوێژکردن لەگەڵ پسپۆریەکانی دی لەکاتی پێویست .

٨- جگە لە رۆڵی چارەسەرکار ، بینینی رۆڵی بەرگریکار و رێنیشاندەر بۆ هەموو ئەو نەخۆشانەی لە باری تەندروستی کتو پڕ و لە ناکاو دان .
٩- پابەندبوون بە چارەسەری نەخۆش لە سەرووی هەموو بابەتێکەوە بێت.
١٠- پابەند بن بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بەهەر حاڵەتێکی نەخۆشی کە پێویستی بەئاگادارکردنەوەی دەستبەجێ هەبێت بەپێی لیستی (immediate notifiable disease)
١١- پزیشکانی ئەم بوارە دەتوانن لە یەکەی (clinical decision unit – CDU) نەخۆش داخیل بکەن بۆ ماوەی (٢٤-٤٨) کاتژمێر بە مەبەستی چاودێریکردن و چارەسەرکردنی ئەگەر پێویست بکات، بەڵام باشتر وایە لە ٢٤ کاتژمێر تێپەر نەکات ، لەو ماوەیەش (٢٤ – ٤٨) کاتژمێر پێویستە نەخۆشەکە تخریج بکرێت یان رەوانەی پسپۆری تایبەتمەند بکرێت ، بۆ ئەم مەبەستەش نەخۆشخانەکان پێویستە یەکەی (CDU) یان هەبێت.
١٢- سەرپەرشتی کردنی سەرجەم پزیشکەکانی خولاو و نیشتەجێی دێرین لەبەشی پێشوازی.
١٣- دەبێت هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ نەخۆش و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فریاکەوتن بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای رەگەز و ئاینی و.....هتد

**ماددەی (٣): کاتەکانی کارکردن :**

١٤- پسپۆرانی بواری پزیشکی فریاکەوتن بە شێوەیەکی گشتی لە شەفتی (متناوب) دا کاردەکەن بۆ سەرپەرشتی کردنی بەشی فریاکەوتن وە هەموو رووداوە گەورەکان دەگرنە ئەستۆ لەبەشەکەدا.

**ماددەی (٤): لێهاتووی پێویست:**

- شارەزایی لە رێنماییەکانی پزیشکی بۆ حاڵەتەکانی فریاکەوتن.
- هەبوونی لێهاتووی پەیوەندیکردن و هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسایەتیە جیاوازەکان لە لایەنی کەلتور و ئاین و کۆمەڵایەتی و ئابووری .
- توانای کارکردنی هەبێت بە کۆمەڵ و هەماهەنگی کردن لەگەڵ تیمی کار وە هەروەها کارکردن بەشیوەیەکی سەربەخۆ .
- بوونی لێهاتووی پەیوەندیکردنی زارەکی و نووسین وە باشترین گوێگرتن .
- هەبوونی لێهاتووی پێشکەشکردنی چارەسەری پێویست بۆ کێشەکان .
- توانای هەبوونی بڕیاردان لە حاڵەتە ئاڵۆزەکان .

**ماددەی (٥): بڕوانامە:**

هەڵگری بڕوانامەی پسپۆری پزیشکی فریاکەوتن ( بۆرد ، ماستەر ، دبلۆم وە بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی)

**ماددەی (٦):** ئەم رێنماییە کاری پێدەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان.

**سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی فەرمان: ١**
**مێژووی فەرمان: ٢٠٢٢/٦/٢٢**

**فەرمانی**
**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشــت بە بڕیــاری ژمــارە (٤)ی دەرچــووی ڕۆژی ٢٠١٩/٣/١٢ ی پەرلەمــانی کوردســتان - عێــراق و حــوکمی بــڕگەی(ســێیەم،چوارەم ، پێــنجەم) لە مــاددەی (٢٨)ی پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــان ، بەڕێــز(ادریــس اســماعیل عبــوش ) هەڵبژێــردرا بە بڕیــاردەری لیــژنەی (پوەنــدییەکان و ڕەوەنــدی کوردستانی).

**د.ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

---

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە ٣٧٧ لە ٢٠٢٢/٦/٢١**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٢**

پشــت بە حــوکمی مــاددە(١٩ /دووەم) لە یاســای دەســەڵاتی دادوەری (٢٣)ی ســاڵی ٢٠٠٧ و لەســەر پێشنیاری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێـر بەپێـی نووسـراویان ژمـارە (٥٣) لە ٢٠٢٢/٤/٤ ، وە لەبەر بەرژەوەنــدی گشــتی و باشــتر ڕاپەڕانــدنی ئــیش و کارەکــانی هاووڵاتیــان ، ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە کۆی دەنگ بە :

- پێکهێنانی دادگای تاوانەکانی (**هەولێـر/٤**)وە دەسەڵات درا بە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە دیاریکردنی تایبەتمەندی جۆری (الاختصاص النوعي) ئەو دادگایە.
- ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێ لە رۆژی دەرچوونیەوە و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزيز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە ٧٧٥٤ لە ٢٠٢٢/٦/٢١**

**بڕیاری گومرگی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە ماددەکانی (١١٧،١١١،١٠٧،١٠٢،٨٣) لە یاسایی گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو ، ڕێنمایی هاوبەشی (وەزارەتی ناوخۆ ، وەزارەتی دارایی و ئابووری ) ژمارە ٢٠٢١/٧ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:

١- گۆڕانکاری لەخاڵی (١)ی بڕیاری گومرگی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ دەکرێت و دارِشتنەوەی بەم شێوەیە :- دامەزراندنی کۆمەڵگای چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل ژمارە (١) لە (ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ لە سەر پارچە زەوی ژمارە(١/١/ و ١١/١ کەرتی ٨٠ی هیتیان ) بۆ کۆگاکردن و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لەلایەن کۆمپانیای (قمة المروج).

٢- ئەم بڕیارە لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەخرێتە بواری جێبەجێ کردن .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ١٢٠٦٢ لە ٢٠٢٢/٦/٦**

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هێنانە کایەی قەزای (حاجی ئاوا)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی(٢٦) (بڕگەی یەکەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار کراو ، و ئاماژە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (١١٢) لە ٢٠٢٢/٤/٢١ و فەرمانی سەرۆك وەزیران ژمارە (١٢٨٠) لە ٢٠٢٢/٥/٢٢ ونووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٧٢٢) لە ٢٠٢٢/٣/١٧ و دوا بەدوای نووسراومان ژمارە (٤٦٦٤) لە ٢٠٢٢/٢/٢٢ سەبارەت بە هێنانەکایەی قەزای (حاجی ئاوا) و نووسراوی ئیدارەی ڕاپەڕین ژمارە (١٩) لە ٢٠٢٢/١/١٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا :

**یەکەم:** هێنانەکایەی قەزای (**حاجی ئاوا**) لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین بەپێی نەخشەی هاوپێچی نووسراوەکانی سەرەوەمان

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە ١٣٩٤٦ لە ٢٠٢٢/٦/٢٨**

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**هێنانە کایەی ناحیەی (خانکێ)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی(٢٦) (برگەی یەکەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار کراو ، و ئاماژە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (١١٨) لە ٢٠٢٢/٤/٢٦ و فەرمانی سەرۆك وەزیران ژمارە (١٦٣٩) لە ٢٠٢٢/٦/١٣ ودوا بەدوای نووسراومان ژمارە (٥٤٧٦) لە ٢٠٢٢/٣/٢ سەبارەت بە هێنانەکایەی ناحیەی (خانکێ) ونووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٨٦٢) لە ٢٠٢٢/٢/٩ وبڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٦ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا :

**یەکەم:** هێنانەکایەی ناحیەی (**خانکێ**) سەر بە قەزای (سێمێل) لە سنوری پارێزگای دهۆک بەپێی نەخشەی هاوپێچی نووسراوەکانی سەرەوەمان

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە ١٤١٧١ لە ٢٠٢٢/٦/٢٩**

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**هەمواری یەکەمی بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بەسزای بەسەرچوونی مۆڵەتی شۆفێری**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣) برگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای بەیانی وەزارەتمان تایبەت بە سزای بەسەر چوونی مۆڵەتی شوفێری ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٩ کە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٤٤) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٧) بڵاوکراوەتەوە ، و ئاماژە بە نووسراوی بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ ژمارە (٥٤٣٢)لە ٢٠٢٢/٢/٢٧ وله بەربەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە :

**ماددەی (١) :** هە مواركردنی ماددەی (١) لە بەیانی ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٩ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

**ماددەی (١) :** سزای پێبژاردن (غرامة) ی بەسەرچوونی مۆڵەتی شوفێری بەپێی ساڵ وەردەگیرێت لە دوای بەسەر چوونی مۆڵەتەکە و بڕی (٢٠،٠٠٠ ) تەنیا بیست هە زار دینار وەردەگیرێت بۆ هەر ساڵێکی دواکەوتن

**ماددەی (٢) :** ئەم بەیانەلە رۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێدەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ١٤٤٦٨ لە ٢٠٢٢/٧/٤**

## بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢
## تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی کێشەدار لە رووی مەرجی سەلامەتی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی پێکهاتوو بەپێی فەرمانی وەزاریمان ژمارە(٩٦٩١) لە٢٠٢٢/٤/٢٨ و پەسەندکردنی کۆنووسەکە لەلایەن هەردوو وەزیرانی ناوخۆ و دارایی و ئابووری ، سەبارەت بەو ئۆتۆمبێلانەی کە کێشەیان هەیە و هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستان و بڕوانامەی COC یان پێدراوە و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**ماددەی (١):**

**یەکەم** : تۆمارکردنی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە هێنراونەتە ناو هەرێمی کوردستان ، و کێشەی بچووکیان هەیە جگە لە (ئەوانەی کە ژێرئاوکەوتوو و بڕاوەو سووتاون) و بڕوانامەی (COC) یان پێدراوە .

**دووەم** : بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە تەنیا ئەو ئۆتۆمبیلانە دەگرێتەوە کە تا کاتژمێر (٣:٠٠)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستان (داخڵ کراون) .

**سێیەم** : سزادانی کۆمپانیاکانی پشکنینی کواڵیتی کە بڕوانامەی(COC)ین بۆ ئۆتۆمبیلەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە رێکخستووە بەپێی ماددەی (١٣) بڕگە یەکەم لە رێنماییمان تایبەت بە مەرجی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلی هاوردەکراو ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ .

**ماددەی (٢):**

**یەکەم** : هەرئۆتۆمبیلێک لە دوای کات و رێکەوتی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمی ئەم بەیانە دەهێندرێنە ناو هەرێمی کوردستان بەدەر لە رێنمایی ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠٢١ی سەرەوە ئەوا لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ تۆمار ناکرێن و هەڵدەوەشێندرێنەوە .

**دووەم** : هەر ئۆتۆمبیلێک بەدەر لە رێنماییمان لەسەرەوە بڕوانامەی(COC) یان بۆ رێکبخرێت لەدوای کات و رێکەوتی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمی ئەم بەیانە ئەوا کۆمپانیاکانی پشکنینی کواڵیتی سزادەدرێن بە دوو بەرامبەری پێبژاردنەکانی هاتوو لە ماددەی (١٣) بڕگە یەکەم لە رێنماییمان ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١

**ماددەی (٣):**

ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٦٧٩ لە ٢٠٢٢/٧/٦**

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

ئاماژە بەنووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد/ب.کارگێری و خۆیەتی ژمارە (٣٢٢٢/٢ لە ٢٠٢٢/٧/٦) لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندابە:

١- ڕاگرتنی کاروبارەکانی (سەرجەم فەرمانگەکانی دادی لە دهۆک) کە بریتین لە (فەرمانگەی دادنووسی دهۆک و بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهۆک و بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکانی دهۆک و فەرمانگەی سەرپەرشتیاری دادی دهۆک) کە لە باڵەخانەی کۆنی دادگای تێهەڵچونەوەی دهۆک کاردەکەن بەهۆی نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی ئاماژە پێکراو لە (٢٠٢٢/٧/١٧ تا ٢٠٢٢/٧/٢١).

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( بەشی نەشتەرگەری جمالی حاجی علی ) لە نەخۆشخانەی هیوا سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٤/١٨.

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( هۆبەی بەرەنگاربوونەوەی توتن) سەربە بەشی نەخۆشیە نەگوازراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەت .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٤/١٨.

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی زانکۆ ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٤/٢٤.

**بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی زانکۆ ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٦/١٣.

**سامان حسين بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٢**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (٣) بتاريخ ٢\٦\٢٠٢٢، قررنا إصدار:

**القانون رقم (٤) لسنة ٢٠٢٢**
**قانون إدارة وحماية الماء في إقليم كوردستان – العراق**

## الفصل الأول
## التعاريف والأهداف

**المادة (١):**

يقصد بالمصطلحات والعبارات الآتية لأغراض أحكام هذا القانون المعاني المبينة إزائها:-

**أولاً: الإقليم:** إقليم كوردستان - العراق.

**ثانياً: مجلس الوزراء:** مجلس وزراء الإقليم.

**ثالثاً: المجلس:** مجلس الماء في الإقليم.

**رابعاً: الوزارة:** وزارة الزراعة والموارد المائية للإقليم.

**خامساً: الوزير:** وزير الزراعة والموارد المائية للإقليم.

**سادساً: الصندوق:** صندوق حماية وإنعاش الموارد المائية في الإقليم.

**سابعاً: المياه الجوفية:** المياه الموجودة تحت الأرض مهما كان عمقها.

**ثامناً: المياه السطحية:** تشمل مياه الروافد، والأنهار، والعيون، والكهاريز، والمياه الجارية، والخزانات الطبيعية والاصطناعية، والمياه المعالجة.

**تاسعاً: الموارد المائية:** تشمل المياه السطحية والجوفية بجميع مصادرها، والمياه الثقيلة ومياه المجاري بعد معالجتها.

**عاشراً: حماية الموارد المائية:** عملية عامة فنية وقانونية تؤدي إلى رفع قدرة استمرارية المياه، واستمرارية توفرها، ومنع انخفاضها وهدرها وتلوثها.

**حادي عشر: إدارة الموارد المائية:** عملية منظمة تؤدي إلى استمرارية وحسن استهلاك الموارد المائية من الناحية الكمية والكيفية لجميع المستهلكين.

**ثاني عشر: إنعاش الموارد المائية:** عملية منظمة تؤدي إلى الإنعاش الصحيح للموارد المائية.

**ثالث عشر: خزن المياه:** جمع مياه الثلوج والأمطار.

**رابع عشر:** المجرى المائي: المجرى الطبيعي أو الاصطناعي، الذي تمر منه التيارات المائية بصورة دائمة أو مؤقتة.

**خامس عشر: المخلفات:** أي مادة صلبة أو سائلة أو غازية أو كيميائية أو مايكروبية أو فايروسية أو مشعة أو معرضة للحرارة تؤدي إلى تلوث الماء.

**سادس عشر: المياه الثقيلة:** المياه المستعملة في الوحدات السكنية أو المشاريع الصناعية أو الصحيةأوالأماكن الخدمية أو أي مجال آخر، وترسب أو ذاب فيها المخلفات.

**سابع عشر: تلوث الماء:** أي عملية تؤدي إلى تغيير الخصائص والمكونات الأساسية للماء بحيث تؤدي إلى الإضرار بحياة الإنسان والكائنات الحية والبيئة.

**ثامن عشر: المياه المعالجة:** المياه التي تم تنظيفها من جميع أنواع المخلفات.

**تاسع عشر: المنتفع:** يشمل الجهات والأشخاص الذين يحق لهم استهلاك الماء بموجب أحكام هذا القانون.

**عشرون: هدر الماء:** زيادة استهلاك أو إساءة استخدام الموارد المائية عمداً أو نتيجة تقصير.

**إحدى وعشرون: الموازنة السنوية للماء:** استخراج واستهلاك المياه بكمية تساوي أو تكون أقل من كمية المياه المستحصلة في السنة ذاتها.

**المادة (٢) :**

يهدف هذا القانون إلى ما يأتي:-

**أولاً:** إدارة وحماية الموارد المائية في الإقليم للوصول إلى الأسلوب الأمثل للاستهلاك.

**ثانياً:** إنعاش الموارد المائية وتحديد كمية ونوعية استهلاكها لغرض تحقيق الأمن المائي وحماية حقوق الأجيال القادمة.

**ثالثاً:** مراعاة وتثبيت حق الإقليم في المياه المشتركة مع الحكومة الاتحادية ودول الجوار، لحماية المصالح العليا للإقليم في توفير المياه على الوجه الذي يتلائم مع القوانين والمعايير الدولية.

**رابعاً:** استمرارية التنسيق، والعلاقات وتبادل المعلومات، للوصول إلى الاتفاق العادل بأتجاه توزيع كمية ونوعية المياه الجارية من الإقليم والواردة إليه.

**خامساً:** معالجة الموارد المائية الملوثة والاهتمام بحماية البيئة.

## الفصل الثاني
## المبادئ العامة

**المادة (٣):**

الماء ثروة وطنية، وتعد الموارد المائية ملكاً عاماً يتم الانتفاع منها بترخيص، وبموجب أحكام هذا القانون.

**المادة (٤):**

تشارك حكومة الإقليم بالتنسيق مع الحكومة الاتحادية فيما يأتي:

**أولاً:** رسم السياسة المائية.

**ثانياً:** رسم سياسة استخدام الموارد المائية مع دول الجوار بموجب المعاهدات والأعراف الدولية.

**المادة (٥):**

**أولاً:** يكون استهلاك الماء وفقاً للترتيب الآتي:-

١- الشرب واستهلاكه للاحتياجات الخدمية.

٢- تربية الحيوانات والثروة السمكية.

٣- لأغراض الري والزراعة.

٤- للاحتياجات الصناعية وتوليد الكهرباء.

٥- لأغراض البيئة وقطاع السياحة.

٦- لأغراض الاستثمار.

**ثانياً:** تغيير نوعية استهلاك الماء يكون بناءً على ترخيص جديد.

**الفصل الثالث**

**إدارة الموارد المائية**

**المادة (٦):**

على الوزارة القيام بما يأتي:-

**أولاً:** إعداد الخطط الخاصة بإدارة الموارد المائية ومشاريعها، بالتنسيق مع الوزارات الأخرى ذات العلاقة، لغرض استهلاكها من قبل القطاعات المنتفعة.

**ثانياً:** رفع الكفاءات والتنمية المهنية في مجال إدارة الموارد المائية.

**ثالثاً:** وضع خطط إنعاش وإدارة الماء بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة في الحكومة وإشراك السكان والمنظمات غير الحكومية والقطاع الخاص في هذه العملية.

**رابعاً:** التنسيق مع الوزارات ذات العلاقة والمنظمات غير الحكومية ووسائل الإعلام لنشر الثقافة العامة حول الأهمية الحيوية للموارد المائية والاهتمام بها في المراحل الدراسية.

**المادة (٧):**

**أولاً:** يشكل في الوزارة مجلس بأسم (مجلس الماء في الإقليم)، برئاسة الوزير وعضوية كل من:-

١- وكيل الوزارة لشؤون الموارد المائية.

٢- رئيس هيئة حماية وتحسين البيئة للإقليم.

٣- المدير العام للماء والمجاري في وزارة البلديات والسياحة للإقليم.

٤- المدير العام للموارد المائية في الوزارة.

٥- المدير العام للسدود وخزانات المياه في الوزارة.

٦- المدير العام للبحوث في الوزارة.

٧- المدير العام للبستنة والمراعي والغابات في الوزارة.

**ثانياً:** يشارك ممثلو الجهات التالية في اجتماعات المجلس، بشرط أن لا تقل درجاتهم الوظيفية عن مدير عام، دون أن يكون لهم حق التصويت:

١- وزارة تخطيط الإقليم.

٢- وزارة كهرباء الإقليم.

٣- وزارة داخلية الإقليم.

٤- وزارة صحة الإقليم.

**ثالثاً:** يعين موظف في الوزارة سكرتيراً للمجلس من قبل الوزير، على أن يكون في الأقل حاملاً لشهادة جامعية أولية.

**رابعاً:** للمجلس عند الاقتضاء استضافة المختصين لأخذ آرائهم.

**خامساً:** يجتمع المجلس مرة واحدة كل ثلاثة أشهر أو كلما اقتضى الأمر بناءً على دعوة الرئيس.

**سادساً:** ترفع التوصيات والمقترحات اللازمة من قبل الوزير إلى مجلس الوزراء.

**المادة (٨):**

مهام المجلس:-

**أولاً:** وضع السياسة الداخلية للماء في الإقليم.

**ثانياً:** المصادقة على خطة استخدام الماء من قبل جميع القطاعات.

**ثالثاً:** إقرار مشاريع الموارد المائية واستهلاكها.

**رابعاً:** إقرار خطط الاستثمار في مجال إدارة الموارد المائية وحمايتها.

**خامساً:** إقرار الاستراتيجية الوطنية الخاصة بالمناخ وضبط تأثيراتها على حماية وإنعاش الموارد المائية.

**سادساً:** إقرار خطط توزيع المياه بين القطاعات المختلفة والاستهلاكات الرئيسة للماء.

**سابعاً:** العمل على تأمين الموازنة اللازمة لتنفيذ مشاريع السدود الكبيرة والمتوسطة والمشاريع المتنوعة للماء.

**ثامناً:** وضع خطط استخدام نظم الري الحديثة لتطوير الإنتاج الزراعي، بشرط أن تتلاءم مع المنفعة الاقتصادية وحصة المياه المخصصة للمشاريع الزراعية.

**تاسعاً:** صياغة الخطط الملائمة لمواجهة الجفاف والفيضانات وتلوث الموارد المائية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

## الفصل الرابع
## حماية الموارد المائية

**المادة (٩):**

تحظر الأفعال الآتية:-

**أولاً:** إلقاء مخلفات المناطق السكنية أو المشاريع الصناعية أو الزراعية أو التجارية أو المتفجرات أو المخلفات الصحية أو أي مجال آخر، في الموارد المائية إلا في حالة معالجتها بصورة علمية على الوجه المطلوب.

**ثانياً:** إجراء التغيير في مجرى الموارد المائية على الوجه الذي يؤدي إلى انخفاض كمية الماء أو تلوث الماء أو حدوث الفيضان.

**ثالثاً:** حفر الآبار أو استخدام المياه الجوفية دون ترخيص من الوزارة.

**رابعاً:** أي نشاط لخزن أو تقليل الموارد المائية دون الترخيص المسبق.

**خامساً:** طمر المخلفات بأي طريقة تؤدي بالنتيجة إلى التأثير على نوعية وقدرة الموارد المائية السطحية أو الجوفية أو البيئة.

**سادساً:** استخدام المبيدات للقضاء على الأوبئة الزراعية أو الأسمدة الكيميائية بحيث يؤدي إلى تلوث الموارد المائية.

**سابعاً:** إنشاء أي مشروع أو معمل أو دار سكني على ضفاف الأنهار وفروعها أو البحيرات أو خزانات المياه أو الأراضي الواقعة على أطرافها في الحدود المعينة، دون الحصول على ترخيص الوزارة فيما عدا مشاريع الماء والمجاري.

**ثامناً** استخدام المواد السامة أو الكهرباء أو المبيدات أو المتفجرات لصيد الأسماك والأحياء المائية الأخرى بما يؤدي إلى تلوث الموارد المائية.

**تاسعاً:** إلقاء المخلفات النفطية في الموارد المائية السطحية أو في مجاري مياه الأمطار والعيون والكهاريز والبحيرات والبرك أو في داخل المياه الجوفية ومناطق الإنعاش.

**عاشراً:** إلقاء جيف الحيوانات والدواجن في داخل مجاري المياه أو في مناطق إنعاش المياه الجوفية.

**حادي عشر:** أي نشاط يؤدي إلى تلوث الماء أو ضفاف وأطراف مجاري المياه الطبيعية أو يؤثر سلباً على كمية ونوعية المياه.

**المادة (١٠):**

**أولاً:** تضع الوزارة نظام المراقبة على كمية ونوعية المياه في موارد المياه الطبيعية لضمان حماية وزيادة الكفاءة ومنع التلوث.

**ثانياً:** تلتزم الوزارة بوضع سجل خاص بالآبار المحفورة قبل نفاذ هذا القانون، سواء أكان بناءً على ترخيص أم بدونه، وتتخذ الإجراءات اللازمة لتكييفها مع أحكام هذا القانون.

**المادة (١١):**

**أولاً:** يجب أن يكون استهلاك الماء في الإقليم وفقاً للمعايير والجودة العالمية.

**ثانياً:** تكون معالجة الموارد المائية الملوثة والمجاري عن طريق إنشاء محطات المعالجة الملائمة العصرية.

**ثالثاً:** لا تجوز إقامة أي مشروع تنجم عنه مخلفات ما لم ينفذ تعليمات الوزارات ذات العلاقة.

**رابعاً:** لا تجوز إقامة أي مشروع إذا لم يملك وحدة معالجة المخلفات.

**خامساً:** تمنح للمشاريع القائمة بصورة قانونية، والتي تصب مخلفاتها في الموارد المائية، مدة (٦) ستة أشهر من تأريخ نفاذ هذا القانون لإنشاء وحدة معالجة المخلفات، وبخلاف ذلك يسحب منها ترخيص العمل.

**المادة (١٢):**

**أولاً:** تصادق الوزارة على الخطط السنوية والمتوسطة والطويلة الأجل للقطاعات والمجالات المختلفة لاستهلاك الماء، لتحقيق الموازنة السنوية للماء والعدالة في توزيعه.

**ثانياً:** تضع الوزارة الخطط لمنع الانهيارات الأرضية والسيول والفيضانات وإصلاح مجاري الأودية والقنوات العامة وضفاف الأنهار، ومراقبة مجيء السيول والفيضانات واستخدام مياه مشاريع الري، على الوجه الذي يضمن حماية الماء من الهدر والتلوث.

**المادة (١٣):**

**أولاً:** يؤسس صندوق باسم (صندوق حماية وإنعاش الموارد المائية في الإقليم) بموجب أحكام هذا القانون.

**ثانياً:** يكون للصندوق مجلس إداري لإدارة أعماله ويشكل بنظام يصدره مجلس الوزراء.

**المادة (١٤):**

**أولاً:** تتألف واردات الصندوق من الموارد الآتية:-

١- المبالغ المخصصة له من الموازنة السنوية للإقليم.

٢- أي إعانة أو مساعدة تقدم للصندوق بموجب القانون.

**ثانياً:** تستخدم واردات الصندوق لأغراض حماية وإنعاش الموارد المائية ومنع تلوثها.

**ثالثاً:** تنظم كيفية صرف واردات الصندوق بنظام يصدره مجلس الوزراء.

**المادة (١٥):**

يتولى جهاز الآسايش وشرطة حماية الغابات والبيئة مهمة حماية الموارد المائية.

**المادة (١٦):**

**أولاً:**

١- يمنح الترخيص من قبل الوزارة لجميع مشاريع استهلاك الموارد المائية بموجب القوانين النافذة في الإقليم بعد عدم ممانعة الجهات ذات العلاقة.

٢- يمنح الترخيص من قبل الوزارة لجميع مشاريع الاستثمار بموجب القوانين النافذة في الإقليم بعد عدم ممانعة الجهات ذات العلاقة.

**ثانياً:** على المنتفعين من المياه السطحية والجوفية، من غير الحاصلين على الترخيص في القطاعات الزراعية والصناعية والتجارية والسياحية، تقديم طلب حق الانتفاع من الماء والحصول على ترخيص من الوزارة خلال مدة (٦) ستة أشهر من تأريخ نفاذ هذا القانون، وبخلافه يعد المنتفع مخالفاً لأحكام هذا القانون.

**ثالثاً:** أي تجاوز من قبل المنتفع من الماء، بما يجاوز كمية المياه المرخصة بها، يعد مخالفة، ويعاقب المخالف بموجب أحكام هذا القانون.

**رابعاً:** للوزارة مراجعة التراخيص وكذلك كمية المياه السطحية والجوفية المرخصة بها في ضوء عملية إنعاش الموارد المائية.

**المادة (١٧):**

للوزير حظر حفر الآبار أو استخدام الآبار في بعض المناطق، استناداً إلى تقرير المجلس بشرط أن تكون فيها خطورة انخفاض كمية ومستوى الماء ونوعية المياه الجوفية، بموجب أحكام هذا القانون والقوانين النافذة في الإقليم، ويتم تعويض صاحب البئر عن الأضرار التي تلحق به نتيجة هذا القرار.

**المادة (١٨):**

على الوزارة اتخاذ التدابير الآتية لتنظيم المناطق المطيرة والتي تؤدي إلى حدوث السيول والفيضانات في المناطق التي تمر فيها:

**أولاً:** حماية التربة والغطاء النباتي بالطرق المناسبة، وزراعة النباتات التي تثبت التربة لحماية تلك المناطق من الانجراف والانهيار.

**ثانياً:** تنظيم وصيانة مجاري الأودية وإنشاء المشاريع اللازمة لحماية التربة.

**ثالثاً:** حظر التوسع للحصول على الأرض الزراعية أو إقامة المشاريع الحضرية أو الصناعية على مجاري الأودية وضفاف الأنهار والسدود وخزانات المياه إذا كانت لها تأثيرات سلبية على الموارد المائية.

## الفصل الخامس
## الأحكام الجزائية

**المادة (١٩):**

يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على (٣) ثلاثة أشهر أو بغرامة لا تقل عن (٧,٠٠٠,٠٠٠) سبعة ملايين دينار ولا تزيد على (١٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرة ملايين دينار أو بكلتا العقوبتين، كل من يخالف أحكام هذا القانون، فيما عدا حكم المادة (٩) منه.

**المادة (٢٠):**

**أولاً:** يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (٦) ستة أشهر وبغرامة لا تقل عن (٧,٠٠٠,٠٠٠) سبعة ملايين دينار ولا تزيد على (١٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرة ملايين دينار مع إزالة المخالفة وإعادة المواد أو المخلفات إلى أماكنها السابقة أو إتلافها على نفقة المخالف، كل من يخالف أحكام المادة (٩) من هذا القانون.

**ثانياً:** في حالة تكرار المخالفة الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن (١) سنة واحدة، وبغرامة لا تقل عن (١٠,٠٠٠,٠٠٠) عشرة ملايين دينار ولا تزيد على (١٥,٠٠٠,٠٠٠) خمس عشرة مليون دينار، وتكون إزالة المخالفة على نفقة المخالف.

**ثالثاً:** لا تحول العقوبات الواردة في هذا القانون دون فرض أي عقوبة أشد ترد في القوانين النافذة.

## الفصل السادس
## الأحكام الختامية

**المادة (٢١):**

يصدر الوزير التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٢٢):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٢٣):**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٢٤):**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (٦٠) ستين يوماً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

بغية تأمين الأمن المائي في الإقليم، ونظراً لأهمية الماء في حياة الإنسان وتأثيره على الواقع الاجتماعي والاقتصادي والسياسي باعتباره ثروة وطنية، ولمنع إساءة استخدامه وضمان استمرارية الموارد المائية، وتوزيعها بصورة عادلة وإنعاشها وحمايتها، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان . العراق**
**رقم القرار: ١**
**تأريخ القرار: ٢٠٢٢/٦/٢٢**

**قرار**
**رقم (١) لسنة ٢٠٢٢**

استناداً الى أحكام الفقره (ثانياً،رابعاً،خامساً) من المادة (٢٨) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان - العراق ، قرر برلمان كوردستان بجلسته الاعتيادية رقم (٧) لدورته الانتخابية الخامسة والمنعقدة بتأريخ ٢٠٢٢/٦/٢٢ مايلي:

**اولاً:** قبول استقالة أعضاء برلمان كوردستان-العراق المدرجة أسماءهم من عضوية اللجان الآتية:

١- (كاروان عبدالرحمن عبدالله) من عضوية لجنة (العلاقات والجالية الكوردستانية).
٢- (سەروان محمد على ) من عضوية لجنة (شؤون البرلمان والشكاوي).

**ثانياً**:ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره فى ٢٠٢٢/٦/٢٢ وينشر في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان)

**د.رێواز فائق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم أمر: ١**
**تأريخ الأمر: ٢٠٢٢/٦/٢٢**

**أمر**
**رقم (١) لسنة ٢٠٢٢**

استناداً الى قرار برلمان كوردستان – العراق رقم (٤) الصادر بتأريخ ١٢ /٢٠١٩/٣ وحكم الفقره (ثالثاً، رابعاً،خامساً) من المادة (٢٨) من النظام الداخلى للبرلمان،

- انتخب السيد (ادريس اسماعيل عبوش) مقررا للجنة (العلاقات والجالة الكوردستانية ).

**د.ريوواز فائق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**